

14

## بۆ یەکەمجار لە ڕێگەی sp یەوە ژنێکی کورد دەچێتە پەرلەمانی هۆڵەندییەوە , بەشی زۆری کوردەکانی هۆڵەندەش دەنگ بە لیستی SP دەدەن

ع م م

هەرچەندە هەندێك لە پارتە کوردییەکان پڕوپاگەندە بۆ پارتەکانی دیکە دەکەن , وەلیٚ بەهۆی هەڵوێستی دژ بە پەنابەری پارتە ڕاستڕەوەکان و هەندێك کەسایەتی ناو پارتی کار pvda ( ژمارە 2 لە لیستی پاڵێوراوانی , خاتوو بایراك ) , هەروەها بەهۆی ڕوونی هەڵوێستی پارتی سۆسیالست لە سەر دۆزی کورد " کەرکووك , دژایەتی بۆ ژینۆسایدکردنی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان , پشتگیری لە پرۆسەی ئاشتی لە کوردستان , پاڵاوتنی خاتونێکی کوردی دەرسیمی لە لیستەکەی ( ژمارە 14 – سادات قەرەبلووت ) " داکۆکیکردنی سەرسەختانەی لە داخوازەکانی بێکاران و هەژاران و دەستەنگانی هۆڵەندی , ڕاستگۆبوونی لە سیاسەت و ئازایەتی لە دەربڕین , بەم هۆیانە و کۆمەڵێك هۆکاری دی , ئەوا ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی هۆڵەندە , لە هەڵبژاردنی ڕۆژی 22–11–2006 , دەنگ بە لیستی پارتی سۆسیالست دەدەن .

زۆربەی ڕاپرسیەکان ئاماژە بەوە دەدەن , لە هەڵبژاردنی داهاتوودا , پارتی سۆسیالست نزیك بە 300٪ **دەنگەکانی دەچێتە سەر , ژمارەی کورسیەکانی لە 9 کورسییەوە بۆ زیاتر لە 20 کورسی سەردەکەوێت , سادات قەرەبلووتیش لە ژمارە 14 لیستەکەیەتی , بۆیە بوونی بە ئەندام پەرلەمانی هۆڵەندی لە خولی داهاتوودا مسۆگەرە , بەم جۆرە بۆ یەکەمجار لە مێژووی هۆڵەندە , ژنێکی کورد دەچێتە پەرلەمانی هۆڵەندییەوە .**

**http://www.angus-reid.com/polls/index.cfm/fuseaction/searchSimpleResults/iw/1/keyword/cda%20and%20pvda**
**http://www.sp.nl/2006/concept-kandidatenlijst.shtml**